قوباد تاڵەبانی و کونسوڵی گشتیی کۆریای باشور لە هەرێم کێبوونەوە

ئەمڕۆ پێنج شەممە، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی کرد لە سنچۆل لیم، کونسوڵی گشتیی کۆریای باشور لە هەرێمی کوردستان و پێکەوە تاوتوێی چەند بابەتێکی جێی بایەخی هەردوولایان کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی قوباد تاڵەبانی لە راگەیەنراوەکدا بڵاویکردەوە: لە کێبوونەوەکەدا کە ئەمڕۆ لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، گفتوگۆکرا لەبارەی چەنیەتی پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا و پیشەسازی و گەشتیاریدا، هەروەها ئاوگەڕی بیروڕا کرا لەبارەی چەنیەتی سودوەرگرتنی هەرێم لە ئەزمونی سەرکەوتووی گەشەسەندنی ئابوریی کۆریای باشور.

هەر لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە، کە لە بەشێکی دیکەی کێبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەبارەی گرنگی هەمەجەرکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان و پشتبەستن بە توانای گەنجان لە بوارەکانی داهێنان و تەکنەلۆجیا. لەمبارەیەوە قوباد تاڵەبانی تەوانینی خۆی لەبارەی باشکردنی پرۆسەی حکومەانی و پێشخستنی ئابووریی هەرێمی کوردستان خستەڕوو، و داواشیکرد کۆریای باشور هاوکاریی زیاتری هەرێمی کوردستان بکات بەتایبەتی لەڕووگەی بەشداریکردنی شارەزایی و ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو وڵاتە.